**أسماء الله وأفعاله الحسنى ١٣**

بسم الله الرحمن الرحيم

(وَالْعَصْرِ *إِنَّ الْإِنسَانَ لَفِي خُسْرٍ،إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ)(العصر)، والصلاة والسلام على خير خلقه محمد وعلى آله وصحبه، السلام عليكم و رحمة الله و بركاته،

له خزمەتتان بەردەوام دەبین لەدەرسەكانی ناوه پیرۆزەكانی خودا لەگەڵ ئەفعاله پیرۆزەكانی، گوتمان هەر له ئادەم علیه السلام، ئەنبیاء و روسول هەدەفیان لەناردرانیان ئەوه بووه كه بەحەقیقەت خودا به بەشەرییەت بناسێنن، ئەو لەبۆچوونه تاك تاكـــانەی كه بەشەر هەیانبووه، به تەئثیری شەیاطینی ئینس و جن له مێشكیان دروست كرایه، ئەنبیاء ورسول هاتینه ئائەو لەبۆچوونانه یان راست كەنەوه یان تەغییری پێ بكەن، لۆیه موقەدەسترین مەوضوع كه ئەنبیاء و رسول هینابیان لەبۆ بەشەرییەت مەوضوعی ئەسماء وئەفعالی باری تەعالایه.

له طولی تەئریخی ریسالەت ئەوه مەقصود بووه، لۆئەوەی فیعلەن كەینێ عیبادی خوای خوایان به حەق ناسی ئەو وەختی بەحەق دەتانن عیبادەتی بكەن، كەینێ بەحەق عیبادەتیان كرد ئەو وەختی باری تەعالا عیبادەتەكەیان لێ قبول دەكا، ئەو وەختی به حەق دەچنه جەننەت، یاخود بەحەقیش موحاسەبەیان دەكرێ لەبۆ جەهەننەم، وه گوتیشمان ذاتی رسول الله محمد صلی الله علیه وسلم لەگەڵ جەمعی صەحابەی كیرام كەخوایان ناسی لەڕێی قورئانەوه خوایان ناسی، باری تەعالا هەر له سورەتی قەلەم و عەلەق و موززەمیل و موددەثیر و سبح باسم ربك الاعلی وفاتحه هەتا ئەخیری، بەونەوعەی قیچ قیچ به قەد پێویستی داخیلی پێغەمبەر وجوملەی صەحابەی كیرام خۆی بەوان دەناساند، چونكی گوتمان هەر داخیلی سینگی ئینسانه و قەلبی قورئانی ئینسانه خودا خەلقی كردیه، وه دەبی بەو كەمیەتەی بەو میقدارەی كه ئەو قەلبه ئیستیعابی وەرگری ناوه پیرۆزەكانی خوایه، هەر بەو مستەوایەش باری تەعالا خۆی بەو عیبادانه بناسێنی، ئەوجه پاشان سەبر سەبر ئەوكەمییه و میقداره زیاد دەكا، ئەوانیش ئیمانی پێ دەینن هەتا دەگاته ئەو مستەوایەی فیعلەن لێیان رازی دەبی.

لۆیه له ئەثنای دابەزینی قورئان كه جەمعی صەحابەی كیرام رضوان الله علیهم جمیعا، خوایان ناسی چ كیتابەك چ مولحەقەك چ شەرحەك لەبۆ ذاتی قورئان نەهاتیه، كه فیعلەن لەگەڵ قورئان ببته شاریحی أسماء الله و أفعاله، وه بەوەش یەقینمان سەتا سەته ئەگەر هاتوو جوملەی موسوڵمانان تەعامولیان لەگەڵ ئەسماء و ئەفعالی خوای وەكو تەعامولی جوملەی صەحابەی كیرام بوو، ئەو وەختی ئیمانیان وەكو ئیمانی پێغەمبەر و جوملەی صەحابەی كیرام دەبی.

وەختی خۆی گوتمان پاشی ئەسماء باری تەعالا ئەفعالیشی هەبووە وە هــەشە، لە قورئانیش باری تەعالا بەحسی ئەسماء وئەفعال دەکا، ئەوڕۆ لە خزمتتان لە سورەتی مدثــر کەسێیەمین مەرحەلەیە لە مەراحیلی چۆنیەتی ئیمان هینان بە ئەسماء و ئەفعالی خــوای، باری تەعالا مەجموعەك لە ئەفعالی خۆی لەبۆ ذاتی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەگەل جوملەی صەحابەی کیرام باس دەکا، هەر لە بیدایەت کە باسی (يَا أَيُّهَا الْمُدَّثِّرُ *قُمْ فَأَنذِرْ * وَرَبَّكَ فَكَبِّرْ*وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ * وَالرُّجْزَ فَاهْجُرْ * وَلَا تَمْنُن تَسْتَكْثِرُ *وَلِرَبِّكَ فَاصْبِرْ) (المدّثر)، ئەوانە هەمووی بەحسی واقیعەکن حالەتەك واقیعی مەوجودە دەبێ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم موعالەجەی بکا لەگەل جوملەی صەحابەی کیرام، ئەو واقیعە، ئەو وجودە، ئەو زەمانــە، ئەو مەکانە، کە تێیدا مەوجودن، دەبی جوملەك شت بکا پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم، یەك لەوانە یقوم و ینذر هەربستی و دەست بەئینذارکردن بکا، پاشان تەکبیری خوای (وَرَبَّكَ فَكَبِّرْ*وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ).س

إن شاء الله ئەگــەر چوونە ماڵێ مەجالی تەماشاکردنی تەفاسیرتان هەبوو إن شاء الله حوسنی ئیستیفادە لە تەفاســـیر دەکرێ، ئەو هەموو حالەتانە لە واقیع دەبی لە داخیلی پێغەمبەرو جوملەی صەحابەی کیرام دروست ببی، لەبۆئەوەی فیعلەن ئا ئەو فیعلەی کەپاشی وەی دێتە خوارێ بتانی داخیلی پێغەمبەر و جوملەی صەحابەی کیرام وەربیگری، ئیمتیصاصی بکا، بتانی ئیستیعابی بکا، بتانی هەضمی بکا، پاشی ئەو هەمــوو مەئموراتانە ئەوجا ئیسم و فیعلی خوای دێتە پاش، ئەویش (فَإِذَا نُقِرَ فِي النَّاقُورِ *فَذَلِكَ يَوْمَئِذٍ يَوْمٌ عَسِيرٌ *عَلَى الْكَافِرِينَ غَيْرُ يَسِيرٍ) (المدّثر) ، مەوقیفی باری تەعالا چییە لیرە بەرامبەر ئەو هەموو ئــەحداثانە؟ دەفەرمی: (ذَرْنِي وَمَنْ خَلَقْتُ وَحِيداً *وَجَعَلْتُ لَهُ مَالاً مَّمْدُوداً)(المدّثر)، هەموو خۆیتی ئەوە، (وَبَنِينَ شُهُوداً *وَمَهَّدتُّ لَهُ تَمْهِيداً * ثُمَّ يَطْمَعُ أَنْ أَزِيدَ * كَلَّا إِنَّهُ كَانَ لِآيَاتِنَا عَنِيداً *سَأُرْهِقُهُ صَعُوداً)(المدّثر) ، باری تەعالا بەحسی واقیعەك دەکا موعەییەن لەبۆ جوملە بەشەرەك.

گوتمان پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەسەر ئەو کورەئەرضیەی ژیایە، بە زەمانیش ژیایە، ئەو بیست و چوار سەعاتەی بەسەر مەدا دەڕوات بە سەر پێغەمبەرو جوملەی صەحابەی کیرامیش دا ڕۆیشتیە، چەند سەت کیلۆ مەترەك پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لە مە دوور بووە ژیانی، ئیذەن ئەو واقیعە ئەثەری لەسەر هەبووە لەو واقیعەی لەزەمان ومەکان شتی وەرگرتیە شتیشی دایتە ئەو واقیعەی، لەناو ئەو واقیعەی کە تێیدا ژیایە یەك مەجموعە ئەنواع لە ئەشخاص هەبووە، باری تەعالا لێرە پاشی ئەو هەموو جوملە مەئموراتانە، دەبی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەبی ئەوها بکا، ئەوها بکا، خۆی جەنابی علیـــە الصلاة و السلام لەگەل جوملەی صەحابەی کیرام، ئەوجا پاشان

ئەوەی تەبەعەی ئەوحالەتەیە لەشەریحەك موعەییەن، قطعەك لە مەوجودین، لەوشەریحەیە باری تەعالا بەحســی ئەوانی لۆ دەكا، دەلێ: ئەگەر ئەتو ئەوهات كرد، ئەوهات كرد، مەوقیفی من چ دەبی باری تەعالا دەفەرمی ئەمن چت لۆ دەكەم؟ دەفەرمی(ذرني) مەجالم بدێ، صەبرم لەسەر بگرە، (ذَرْنِي وَمَنْ خَلَقْتُ وَحِيداً) (المدّثر 11) ، یەعنی ئەوانەی كە ئەتوو دەیبینی لەپێش چاوتن ئـەو شەریحەیە ئەو مەقطەعە بەشەرە ئەوانە هەموو ئەمن خەلــقم كردینە، یەعنی چ؟ یەعنی هەرچی ذەراتیان هەیە لە بەدەنیان باری تەعالا دروستیانی كردیـە، لە هەمــوو وەسائیلیان لە ژیان كە پێ ی دەژین لە ژیان، لە چــاو و لە گێ و لە دەســت و لە زمان و لە هەمــوو مێشكیان، هەمووی باری تەعالا دەلێ ئەمن خەلقم كردینە، كوو ئەوها خەلقم كردیە دەتانم ئەوها نەسفیشی كەم، دەتانم ئەوها تەدمیری كەم، دەتوانم ئەوها سەحقی كەم، چونكی من خۆم خەلقم كردیە.

لۆیە دەفەرمی: (ذَرْنِي وَمَنْ خَلَقْتُ وَحِيداً) (المدّثر 11) بە تەنێش خەلقم كردیە، بەتەنێم خەلق كردیە، یەعنی چ؟ یەعنی داكی یەعنی بابی، پرۆتینات و ڤیتامینات خەلقی نەكردیە، چونكی لە جێیەكیتكە دەفەرمی: (أَفَرَأَيْتُم مَّا تُمْنُونَ *أَأَنتُمْ تَخْلُقُونَهُ أَمْ نَحْنُ الْخَالِقُونَ)(الواقعة) ، بەحسی شەهوەتی پیاوە، دەلێ تەماشاتان كردیە شەهوەتی پیاو، ئەنگۆ خۆتان دروستی دەكەن؟ كە لەگەل خێزانی خۆی جەمع دەبی، ئەنگۆ دروستی دەكەن یان ئەمـە خۆمان دروستمان كردیە؟ ئیذەن هەرچی شانەو خانەكانی بەدەنی ئینسانە الله خالقیتی، دیارە بەس خــۆی بە تەنێ خالیقە، ما تەبەققا داك ئــەمانــەتــە هەری گرتیە لە زگی، باب ئەمانەتە هەریگرتیە تەحویلی زگی داك دەكا، حەتا ویلادەی ئەو ذاتەی باری تەعالا تەیسیری ڕێیەكەی لۆ دەكا (ثُمَّ السَّبِيلَ يَسَّرَهُ)(عبس)

، ئەگەر باری تەعالا تەیسیری دەرچوونی ئەو كۆرپەیەی نەكا لە زگی داكی ئەو كۆرپەیە دەمری، داكیشی پێی دەمری، طاقەتی ئەوەی نییە فیعلەن ئائەو ویلادەیەی ببی، ئەگەر باری تەعالا خۆی رێی لە بۆ تەیسیر نەكا، (ثُمَّ السَّبِيلَ يَسَّرَهُ)(عبس)

ئیذەن خۆی موتەحەككیمە، دەبی لە داخیلی جوملەی صەحابەی كیرام ئەو قەناعەتە ئەو حالــەتە دروست ببی فیعلەن باری تەعالا خالقیانە، چونكی كە تەمەشای خۆی دەكا بە تەنێ دایك ئەمانەت بــووە هینایتی، هەریەك لەمە ئەمــە تەصەوڕی خۆمان بكەین پێشی ویلادەتمان لە زگی داكمان بووین، تەصەوڕی ئەو حالەتەی بكەین فلیمی حەیاتمان سەرلەنوێ لە سفر لێ بدەین داكمان ئەمەی خەلق نەكردیە، بابیشمان ئەمەی خەلق نەكردیە، ئیذەن ئەمە خۆمان مولكی خۆمان نین، صاحێبی خۆمان نین، هیچمان بەدەستە خۆمان نییە، كە دەفەرمی: (ذَرْنِي وَمَنْ خَلَقْتُ وَحِيداً) (المدّثر 11) یەعنی باری تەعالا تەحەدای ئا ئەو هیچەی دەكا، كــە فیعلەن خۆشی خەلقی كردیە.

بیلا تەشبیهـ لە دوەلی صناعی غالیبەن کە ئەسلیحە دروست دەکرێ، مەثەلەن دەبابـە دروست دەکرێ، ضدی دەبابەش سیلاحەکی دروست دەکەن، هەر نەفسی مەعمەل، کە گوللـە دروست دەکرێ ضدی گوللـەی سیلاحەکی دروست دەکەن گوللـە تەئسیری لێ نەکـا، بیلا تەشبیهـ رب العالمين ولله مثل الأعلى کە دەفەرمی ئەمن بەو نەوعەی بەو خەریتەیەی بەو ئوسلوبەی خەلقم کردیە، دەتانم ئەوهاش تەفلیشی بکەم، ئەوها نەسفی کەم، پارچە پارچەی کەم، بیکەمە خەلییە خەلییـە، چونکی ئەوها سەیطەرەم لەسەری هەیە، ئەوە مەفهومی (ذَرْنِي وَمَنْ خَلَقْتُ وَحِيداً) (المدّثر 11) ئەوە خــەلقــە، ئایــەتی پاشی وی کەلیمەکیکە دێ: (وَجَعَلْتُ لَهُ مَالاً مَّمْدُوداً) (المدّثر 12) پاشی خــەلق، جەعل دێ، جەعل یەعنی چ؟ لە زەمانی پێغەمبەری صلى الله عليه وسلم لەبن دار خـــورمای فەسیلە دروســـت دەبوو، کە لایەزالیش ئەوەی ئێستا چووبیتە جنوب و دیتبی دار خورما، لە بنی دارخورمای فەسیلە هەیە، مـەجموعە لقەکی دارخورمای تازە دەرچووە ئەمما گچکەترە، ئەو فەسیلەیە، بلێین نەوەی منداری ئائەو دارخورمایەیە، فەرخەی ئەو دارخورمایەیە، دارخورمایەکە دەبتە داك یان باب، ئائەو فەسیلەیەش ئائەو لقەش ئائەو چیلکــەیەش کە لەبنی دەرچووە دەبتە وەلیدی وی، ئائەو وەلیدە ئەو چیلکەیە کە دەردەچی لە پــەنــای دارخورما داکەکەی یان بابەکەی پێی دەگوترێ جەعل، ئەوە مەفهومی جەعلە، یەعنی دەبی دارخورمای ئەصلی هەبی ئەوجا پاشان چیلکەی لەپەنای لەبنی لە ڕەگــەکــەی دەرچــی، ئەوە مەفــهومی کەلیمەی جەعلە،

حەیوان ببی ئەصلەن پاشــان کە فــەرخــەی بــوو فــەرخــەکــەی نـاوی جەعلە، باری تەعالا ئینسانەکەی خەلق کرد ئیهمالیشی ناکا، کێ وەسائیلــی حەیــاتی لەبۆ تــەئمین دەکـا؟ کێ جەعل دەکا؟ الله، ئیذەن پاشی خەلقی پاشی تەصەوری ئەو ذاتەی ئەو صەحـابە مــوبارەکــــەی لە مێشکی خۆی کـە فکر دەکا کێ خەلقی کردیە، پاشان مــەرحــەلــەکیتکە پاشی وی دێ ئەویش جەعلە، لۆیە دەفەرمی مەرحەلەی پاشی خەلق، وَجَعَلْتُ لَهُ مَالاً مَّمْدُوداً) (المدّثر 12)یەعنی هەتا خەلق نەبی جەعل نییە، ئەوە ناو قاعیدەی قورئانــە، خەلق دێ پێشترێ، ئەوجا پاشان جــەعل دێ، جـەعل ئینتاجی خەلقەکەیە، وجعلت چ؟ لە، لەبۆ ذاتەکەی چ؟ (مالا ممدودا) مال.

لە لیسانی عەرەب کەلیمەی مال لەبۆ هـەرچی ئینسانە ئیمتیلاکی دەکا، هەرچی ئینسان پێیبی هەیبی لە زێر و لە زیو و لە دینار و لە خانی کە بکرێ قیاس بکرێ بە بەها بە قیمەی ماددی پارە پێ ی دەگوترێ مال، هەرچی هەیە خانی مەثەلەن سەیارە بە پارەی بقرسێندرێ پێ ی دەگوترێ ماڵ، لەعەینی وەقتیش زێر و زیو و دینار و دۆلار و هەموو پێی دەگوترێ مال، جەمعی وانە پێی دەگۆترێ ئەموال، ئەگەر هاتوو مالەکە وشکبوو، بکرێ نەقل بکرێ لە گیرفان لە ناو جانتا پێی

دەگوترێ أموال منقولة، ئەگەر وەکو خانی بی وەکو عارد بی وەکو عیقـــارات بی عیمـــارە بی پێی دەگـوتـرێ أموال غیرمنقولة.

لۆیە لە مەحاکم ئەگەر کابرایەك حجزی لە سەر هەبوو لەسەر ئەموالی، حجزەکە قانونەکە ئـەبـەو نەوعەی دەردەچی حیجزی ئەموالی مەنقولە و غێر مەنقولە، ئیذەن حەتتا خانیەکەش عیمارەکەش پارچە عاردەکانی هەمووی بووە ئەموال، کە ئینسانەکەی خەلق کرد نەفسی وەقت ئەموالیش ئەو دەیداتێ (وَجَعَلْتُ لَهُ مَالاً مَّمْدُوداً) (المدّثر 12)، ئیذەن هەرچی مەنقولە لە دینار و درهەم لە خانوو و عیقاراتیش هەمووی مالە، (وَجَعَلْتُ لَهُ مَالاً مَّمْدُوداً) (المدّثر 12)کـێ ئەو جەعلەی کردییە؟ ئەگەر ئەو ذاتە تەصـەوڕ بکا، الله جل جلالە، الله جل جلالە ئەو عاردەی خەلق کردییە، گەنمیشی خەلق کردییە لۆ ئەو ذاتەی، بارانیش هەر ئەو خەلقی کـردیە، پـۆتاسیۆم و کالیسۆم و کلۆراتی ناو ئەو عـاردەی خودا نیسبەتی دایتێ، چونکی لە عەینی تەنیشت ئەو عاردەی صەحڕاشی دروست کـردیە، ئەوە دەرسەکە لەبۆ ذاتی موتەصەویر، ئەگەر بتەوێ دەرس وەرگری لۆوەی فیعلەن ماعەدای خوای جاعیلەك هەیە.

ئەها تەماشای صەحڕام خەلق کردیە ناتانی چی لە ناو بچینی، لۆیە صەحڕای خـــەلق کـردیـە لۆئەوەی فیعلەن ئەو ذاتە حس بە گچکاتی و قەزەمی خۆی بکا، لە تەنیشت عاردی بە پیت پڕ بە ئینتاج، صەحڕاش هەیە، ئیذەن کـێ عاردەکــەی خەلق کردیە؟ الله، کێ ئەوها ئەو طەبیعەتەی دایتە ئەو عاردەی؟ الله، کێ گەنمەکەی دروست کردیـە؟ هــەر اللــە، کــێ بارانەکەی خەلق کردیە؟ هەر الله، باشە کە دێ کابرای زاریع(جوتیار) عارد مەوجودە ئەو چی لە ناو ئەو عاردەی دانەنـــایە چی پێ نەکرایە خەلق کا لەناو عاردەکەی دابنێ، عاردەکە ئی خـــوایە ئـەو ذاتــە جەنابی عالی دێ عەردەکە هەر ئەو عاردەی ئی خوایە دەیکێلی، گەنمەکە ئی خودایە لە بن عاردەکەی دەنێ، ئەوجا پاشان رادەوەستی دەلێ یا رەبی باران ببارێنە، ئینتاجەکــەی وەی جەعلە، ئەو گەنمەی کە دەردەچی ئەو سومبـلانەی کە دەردەچن ئەوە جەعلە، ئینجا کابرا دەیخوا، دەیفرۆشی، دەیکاتە پارە لەگیرفـانی دادەنێ، ئیذەن ئەوە هەمووی بووە ئەموال.

ئیذەن هەرچی هەیە لە ئینتاجاتی ماددی و مەعنەوی جەعلە، هی کێیە؟ هی ذاتی (الله)یە، پاشی خەلق جەعلە ها، (وجعلت) من الذي جعل؟ الله، لۆوەی قــەت بە مێشکی بە تەصـەوڕی دانەیێ ئەنواء جەوی بارانی باراندیە، بە تەصوڕی دانەیێ موحتەمەلە مەعـمەلەك لەموستەقبەل هەبی هەور دروستکا بارانی ببارێنی، بە تەصـەوڕی دانێ بەشەرەك هەتا قیامەت بتوانی یەك قەترە ئاو دروست بکا، بە تەصوڕی دانێ ئەگەر هاتوو خوا عاردی کردە صەحڕا پێی عیلاج نەکرێ، ئەوانە هەموو

تەحەددیە، لە مەفهومی جــەعــلەکــەیە، (وَجَعَلْتُ لَهُ مَالاً مَّمْدُوداً وَبَنِينَ شُهُوداً)(المدّثر)، کێ کردیتی؟ تازە گوتمان خۆی ئینتاجی داك وبابی خۆی نییە، یەعنی بەس ئینتیسابە، بەس نەسەبە، ناوی لەبۆ باب و باپیری دەگەڕێتەوە، ئەمما خۆی خــەلقی خـــۆی نییە، باب و داکیشی خــەلقی نەکردیە، ئەمانەت بووە لە کنیان، کێ منداری دەداتێ ئەگەر خۆی خالقی خۆی نەبی؟ خــۆی لـــەسەر خۆی موهەیمن و موسەیطر نەبی، کێ منداری دایتێ؟ خۆشی وەختی خۆی مندار بوو کۆرپە بوو لەناو زگی داکی.

ئیذەن نەفسی طەڕیقە هەر خودا دەیکا، (وَبَنِينَ شُهُوداً)(المدّثر) ئەو هەموو خــەلقە ئەو هــەموو جــەعلە، ئەگەر هاتوو مەثەلەن عارد ئەو عاردەی ئەو ذاتە ئەو جەنابە دەیکێلی فوجئەتەن بووە صەببە، ئەو عاردە هـــەمووی بـــووە صەببە، چی پێ دەکرێ؟ سارەك دوو سار بیست ســـار سی ســـار هـــەرچی ئینتاجی کــردبی لە دانەوێلە گەنم و جۆ برنج هەمووی دەخوا و سندانی دەگاتێ، پێی دەکــرێ یان نا؟ پێی دەکرێ باری تەعالا ئەمر دەکا باران سەد سال نەباری، پێی دەکرێ یان نا؟ پێی دەکرێ، گەنم، هەرچی گــەنم هــەیــە لە وجــود هــەمووی بمرێنی، چونکی ئەو گەنمانە هەمووی زندینە، گەنم هەمووی زندیە، بتانی باری تەعالا بیمرێنی، با ئەو ذاتە جەناب عالیە هەر لە بن عاردی بنێ و ئەو گەنمەی هیچ ئینتاجی نابی سونبول دروست ناکا چونکی مردیە، ناوکی لە ناو هەیە، کە باری تەعالا ئەوانە هەموو دەکــا ئــەوەی تازە گوتمان نایکا عەکسی سوننەتی خۆی ناکا ئەوە پێی دەگوتــرێ تـــەمهید.

تـــەمهید مەثەلەن بــەحسی عارد دەکا دەرێ (ومهدنا الارض)، عارد تەمهید کرایە، لۆ؟ دەیتانی باری تەعالا هەموو عاردی لێژ بکا، یان خرۆر بی ئینسان تێیدا، ئەو وەختی ژیانی لە سەر دەبوو؟ وەکی سینیەکی عارد خوار بی یان لۆ سەرێ بی یان لۆ خوارێ بی، بــەشەر نەیدەتانی کەرپووچ لە سەر کەرپووچی دانێ، هیچ حەضارە و مەدەنیەت نەدەبوو، پێی دەکرێ وابکا پێشی دەکرا وەبکا، ئەمما چی کرد؟ تەمهیدی کرد، کێ کردی؟ (وَمَهَّدتُّ لَهُ تَمْهِيداً * ثُمَّ يَطْمَعُ أَنْ أَزِيدَ) (المدّثر)، لەگەر ئەوەش فیعلەن هەرچی خانەی ناو زگی داکیتی باری تەعالا خــەلقی کردیە.

حەتتا باری تەعالا لە ئایەتی دی لە سووەری دی بەحسی ئەوەی دەکا ئائەو کۆرپەیە ناو زگی داکـــی ئافرەتــە بە ئەنواع و ئەشکال تەطوڕات دادەچی، یەك لەو مەرحەلانە سێ پەردەی لە سەر هەیــە، ئــەکتۆدێرم، میزۆدێرم، ئینــدۆدێرم، ئەو سێ پەردەیە باری تەعالا ئەوهای دروست کــــردیــە هیچ نــەوعە روناکیەك مەخلوق نەگاتە ئەوەی، چونکی یەك جوزء لە ملیون لە رووناکی لە ئەشیعە وەکو ئەشعەی ئێکس، ئەوەی ئینسان دەچتە خەستەخانەی سنگی دەداتە بەر جیهازی

ئەشیعەی، ئەشیعەی دەگرن، ئەوە پێی دەگوترێ ئــەشیعـەی ئێکس، یــەك ڤیچ یەك لە ملیۆن جوزء لە ئەشعەیە بگاتە ئەو ذاتەی ئەو كۆرپەیەی كە لە زگی داكیتی یەكسەر دەیمرێنی.

باشە بەمەلاین ئیشعاعات تیشك هەیە لەو ئاسمانەی، یەك لەوانە مەڤەلەن ئۆزۆنە، لێزەر هەیە لە كەون هەموو ئیشعاعاتی خوایە باری تەعالا ماعەدای زگی ئافرەت كە بە پیستە و بە پەردە داخیلیشی سێ پــەردەی لۆ دانایە هەرسێ پەردە وەكی واقیەی گوللە بەندە وەكو دڕعی مـودەڕەعـەیـە، ئی عــەسكــەریی ئەستوور هیچ تیشكەك نەتانی ئائەو سێ پەردەیەی قەطع كا، لۆ؟ لۆئەوەی فیعلەن ئەو كۆرپەیە بتانی بژی، گـەورە ببی، نمو بكا، بگاتە ئەو مستەوایەی كە باری تەعالا دەیــەوێ.

قـەناعەتتان هەبی لەحظە بە لەحظە باری تەعالا ریعایەتی دەكا، لەحظە بە لەحظە باری تەعالا حیمایەی دەكــا، لەحظە بە لەحظە باری تەعالا خواردن لە خینی ئەو داكەی نەقل دەكا لەبۆ ئەو كۆرپەیەی، خۆی مـوهـەیمنە (وَمَهَّدتُّ لَهُ تَمْهِيداً) (المدثر)ئـەو خـەلییانە ئەو كۆرپەیە نازانی خانەی خەلییەی چاو كێهانە، كێ خانەكانی چاو لە بۆ چاو دەنێری، چونكی ئائەو كۆرپەیە بە هەزارەها نەوع خـانەو خەلییە دروست دەكا، چ مرورەك هەیە لەوێ بە خانەی چاو بلێ بڕۆ ناو چاو، بە خانەی گێ بلێ بــڕۆ ناو گێ، گێ دروستكە، بەخانەی زمان بلێ بڕۆ ناو زمان، بە خانەی دەست بڕۆ ناو دەست، دەست دروستكە، چاو دروست بكە.

هـەتتـا سپـیاتی و ڕەشاتی چاو، كێ ئەو هەندەسەی دادەنێ؟ كێ ڕیعایەت دەكا؟ كێ مـرورڕاتی دەكــا؟ كێ موهەیمنە؟ ئەوە هەمووی مەفهومی تەمهیدە (وَمَهَّدتُّ لَهُ تَمْهِيداً * ثُمَّ يَطْمَعُ أَنْ أَزِيدَ* كَلَّا إِنَّهُ كَانَ لِآيَاتِنَا عَنِيداً)(المدّثر)بەحسی ئــایــاتە، (آیــاتنــا) مـوعانەدە هەیە لەگەل ئایات، موعانەدە بە چ دەكرێ؟ موعانەدە إلا دەبی بە واقیع بكرێ، موعانەدە إلا دەبی بە واقیع بكرێ، باری تەعالا لێرە بەحسی موعانەدە و بەحسی ئایات دەكات،

وەختی خۆی گوتمان باری تەعالا دوو نەوعە ئایاتی هەیە،ئایاتەك كەونیی، خـــەلقیی، كــە ئــەو هــەمـوو مەخلوقاتانە هەمووی ئایەتی خوایە، وە ئایەتەكیش شەرعیی كە ئەو قورئانەیە، دوو نەوعە ئایەتمان هەیە، ئایاتی كەونیی، هەرچی مەخلوقە لە وجود، لــە ذەرە، لــەخەلیە، لەگچكەترین هەتا موعەقەدترین، هەمووی ئایەتە، وەكو ئەو قورئانەیە،[ئاماژە بۆ قورئانی پیرۆز دەكات] ئەوەش هەر ئایەتە.

ئەمما ئەنبیاء و روسول كەدێن یەكەمین جار تیلاوەی ئایەتی یەكەم دەكەن، تیلاوەی ئایەتی مەخلوق دەكەن لەبۆ ذەوات، لۆیە لەهەموو قورئان لە سوڕەتی فاتیحەوە هەتا سوڕەتــی قل أعوذ بـرب الــناس

کــە بەحسی ئەنبیاء کرابی، ئیشیــان بــاری تەعالا فــەرموویتی: (يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ) پــاشان (وَيُزَكِّيهِمْ) پاشان (وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ) آل عمران، چار مەرحەلەیە:

یەکەمین: (يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ)، ذاتی رەسول نەبیەکە تیلاوەی ئایات دەکا، چ نەوعە ئایاتەك؟ ئایاتی کــــەونیی، چــــونکی ئەو ذاتە چاو و گێی هەیە، یەکەسەر کەئایاتی کەونیی لەبۆ تیلاوە کرا، لە داخــیلی وەخـــــتی خـــۆی وەکو بـــەحسمان کرد جیهاز هەیە، ئەو جیهازە دەست بە تەنمیە دەکا ئەو تەنمیە ناوی تـەزکیەیە، (ویــزکیهم) پاشان ئەوجە زەمینە ئیستیعداد لە داخیلی دروست دەبی، لەبۆوەی فیعلەن بتانی تـــەعلیمی کیتابیش بکـــرێ، پاشان پێغــەمبەرەکە چ دەکا؟ مەرحەلەی سێیــەم: (وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ) تەحــویلی ئەو کــیتابــەی لــەبــۆ واقیع نــاوی نـایە بە حیکمة، (وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ).

لۆیە لـــە هـــەموو قورئان کیتاب و حیکمە هــەیە، کیتاب و سوننە نییە، هەموو قورئان بەحسی کیتاب و حیکمە دەکــــا، الکتاب والسنة لە قورئان نییە، لۆ؟ کەتیلاوەکەی لەبۆ کرد فیعلەن ئەو ذاتە ئیحساس دەکا خالیقەك، جاعیلەك، مومەهیدەك، هەیە ئەویش (الله)ە جل جلالە، کە ئەو ئیحساسانەی لەداخیل لەبۆ دروست بوو، ئەو داخیلە دەست بەئیش کــردن دەکا و تەنمیە دەکا، گەشەو نما دەکا داخیلی بەو گـــــەشەو نمایەی زەمینە دروست دەکـــا لـــــەبۆ فێربوونی کیتاب، کە فێری کیتابەکە بوو شەرت نییە ئەلف و باء و تاء و ثائیش بزانی، نەء مەطلوب نییە لە ئینسان، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم خۆی ئەلف وباء.. کابرای جاهیل وئوممی زۆرمان دیتیە شەخص شەهاداتی دکتۆرای جامیعەی هەبووە ئەمما ئینسانەك بووە فیعلەن جاهیل بووە، چــونکی لـــە ئایاتی خوای کەونیی نەزانیە، مەثەلەن گا پەرست بووە، بەشەر پەرست بووە، پارە پەرست بووە، ئەوە جــاهیلە بـــا زۆر شەهادەشی هــەبی، دختۆر بی، دکتۆرای هەبی، پرۆفیسۆر بی، فەیلەسوفبی، جاهیلە، ئەمما ئوممی ئەو ذاتەیە حەقائیقی شت بزانی نەشتانی بخینی لەکتاب، تاقەتی ئەوەی نەبی ئەلف و باء و تاء وثاء بخینی، جــەدوەل ضەرب لـەبەربکا، ئائەو عیلمەی نەبی ئەوە پێی دەگوترێ ئوممی، پێغەمبەر و جــوملەی صەحـــابەی کیــرام هەموویان ئوممی بوون، ئەمما جاهیل نەبوون.

لێرە پێغەمبەر صلی اللـــە علیه وسلم کە تیلاوەی ئایاتی کرد، تەزکیە لە داخیلی جوملەی صەحابە دروست بوو، زەمینە دروست دەبی لەبۆ تەعلیمی کیتاب (وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ)، تەحویلی ئەو کیتابەی لە بۆ تەفعیلی ئەو کــتابەی لە بۆ واقیع پێی دەگوترێ حیکمە، لۆیە هەموو قورئان لە فاتیحەوە هەتا قل أعوذ برب الناس ئەبەو نــەوعەی هـــاتیە: (يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِكَ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ) (البقرة 129)، کەینێ تیلاوە کرا، ئەو ذاتــە قیرائە دەکا، کەقیرائەی کرد فیعلەن ئەوە عیلاقە دروست بوو،

باشە کە پێغەمبەرەکە هات تیلاوەی ئـایاتی کـەونیی کـــرد، ئـەو ذاتە جەناب عالی چی دەکا؟ موعانەدە دەکا، نالێ وەڵا ئەمن بەندی قورئان ئایەتی فـولانیم گێ لێ بوو ئیمانم پێی نییە، ئەوە عینادی نییە، ئەوە ئیستیماع نییە، ئەوە گێ نەدانە (من ألقى السمع)، ئەوە ئیلقائی نییە، ئەمما موعانەدە ئەوەیە هەموو لەحظەك ئایاتی خوای کەونیی دەبینی خـەلقیی دەبینی ئـــەوجا خۆی گێل دەکا، ئەوجا بە عەکسی وەی دەکا، ئائەوە عینادی کردنە.

عینادی ئەوەیە مەثەلەن بابەك بە مندالەکەی برێ بەکـورەکەی برێ کورم جغارەی مەکێشە، ئەویش ئەگەر هاتوو گوتی لـۆ جغارەی نـــەکێشم؟ پێی برێ ئەوە تەقریر ئەو سەد و قسور نەخۆشیە جغارە دروستی دەکا، هەر لە دەوەوە لە لـێوەوە نـەخۆشی هەیە هەتا ناوسینگ، لە سەرەطان بیست نەوع نەخۆشی هەیە جغارە دروستی دەکا، کابراش بلێ وەڵاهی ئەوهام پێ باشە بمبەیە موختەبەر نیشانم دەی تەجروبەتەن، بابەکە بیباتە ناو مـوختەبەر ئەو هەموو سیانەی سی بەشەری نیشان بدا، کە ئەگەر هاتوو ذاتەك حەفت سار جغارەی کێشا رۆژی پاکەتەك ئـــائەوەندە نیکۆتینە لەناو سینگی هەیە، لەناو سیەکانی هەیە پیشانی بدا پیشانی قـــەلبی بدا، ذاتەك ئـــەوندە جغارەی کێشابی تەماشای دڵی کە بزانی دڵی کووە، ذاتەك ئەوەندە جغارەی کێشابـی تـــەماشای دەم و چــــاوی بکە، تەماشای خینی بکە، ئەوانەی هەموو دیت.

پاشان ئەدی جغارەنەکێش، ئەویشی نیشاندا، ئەوانەی هەموو نیشاندا بابەکە، پاشان ئەوجا برێ وەڵاهی ئەوجا بەگێت ناکەم، ئـەوە عینادییە، ئـــاهـ تـــەحـــەدات دەکەم، ئیلا دەکێشم، ئەوە عینادییە، ئەمما کە شتەکی مـــەکـــتوب یا مـــەطبوعی بینتە دەستی ئەوە شەرت نییە عینادی بی، قەناعەتی پێی نییە، عینادی بەشتەکی دەگــــوترێ فیعلەن مەلموس بی، بە موختەبەر ئیثپات کرابی، بەواقیع تەبەیین کرابی. بگیرێ ببیندرێ، ئەگەر هاتوو هەزارەها تەجروبەشی لەسەر کرا نـەفسی نەتیجەی ببی، ئەو جغارەی ئەلعانی هەیە هەرکێ ئەوەندە سارە کێشای رۆژێ پاکەتەك نەفسی نەتیجەی دێ، نەفسی حالەتی لـۆ دروست دەکا، ئائەوە ئایەتە، ئەوە پێی دەگـوترێ ئایەتی کـــەونیی.

ئـــەو جەناب عالیە ئەوها دەهات موعانەدەی ئەو ئایەتەی دەکـــرد، (كَلَّا إِنَّهُ كَانَ لِآيَاتِنَا عَنِيداً)(المدّثر 16) ، بـــاشە بـالمقابل خـــودا چ دەکـــا؟ هەر لە دونیا (سَأُرْهِقُهُ صَعُوداً)(المدّثر 17)، کـــەلیمەی ئیرهاقی ئیستیعمال کردیە، ذاتەك ئەگەر زۆر ماندی بکرێ، سەد جار پێی برێ بـرۆ سەر ئەو قەلاتە و وەرە خـــوارێ هیچ ڕاوەستانیشت نـــەبی، بگاتە حالەتەك هیچ هەناسەی نەیێ، ئەوە رەهەقە، ئەها دەرێن ئەگەر زۆر ئەزیەتی دا زۆری ماندی کرد دەرێن هەناسەی برِی، وەکی نەفەسی وەردەگری خرە خری بێ، هـــەرچی قورگی هەرچی سنگی هەیە هەمووی کأنە شەق

شەق دەبی، ئەوە ئیرهاق کردنە، ئەوە تەمثیل نییە ها، باری تـەعالا حـەقیقەت پیشاندەدا، (سأرهقه) لەچ؟ (صعودا) یەعنی حەیاتی، مەعیشەتی، وجودی، لـەسـەر دونیـا ئــەوە هــەمووی صــەفحەکە، لایەکە، لای ماتەبەقای ئاخیرەتیشی هەمووی دەکەمە صەعـود، ئا ئــەوهـای لێدەکەم.

لۆیە تەماشا بکەن کافرەکان موجریمەکان طەواغیتەکان تەماشای حەیاتیان بکە، هەمووی کـأنە نەفسی بڕایە لەترسان، هەموو هەناوی بڕایە پارچە پارچە بووە، لەبەرئەوەی فیعلەن ناگاتە مــــەقــاصیدی قوصوای خۆی، مەثەلەن سەقفەکی دانایە مستەوایەکی دانایە لە دەولەمەندی لـــەبوون لـــەمێشکی خۆی، هەر غارە غارە نایگاتێ لۆیە ئیصراحەتی نییە، ئائەوە ئیرهاقە، نەك بەقەد تاقەتی خۆی ئیش بکا، گەیشتە ئەو مستەوایەی فیعلەن هیچ ئیصراحەت و زەتی نەمایە، باری تەعالا ئەوها لەو زاتەی دەکـــا، کێ وە دەکا؟ فـــەرمویتی (سأرهقه) نەتیجەکە لەدەست باری تەعالایە، لۆ؟ چونکی ئەو هـــەموو جـوملە شتەی لـەناو داخیلی نـەبوو، قـەناعەتی بەخەلق نەبوو، قەناعەتی بەجەعل نەبوو، قـــەناعەتی بە تەمهید نــەبوو، موستەحەقە ئـــەوهای لێبێ، ئەو هەموانە ئایات بوون، خەلقەکە ئایەت بــوو، جــەعلەکە ئایەت بــوو، تـەمهیدەکە ئایەت بوو، هەمووی ئایاتی خەلقیی بوون.

لەگەر ئەوەش وەکو ئەو زاتەی کە بردمانە ناو موختەبەر پشانی زەرەری جغارەو ئەزیەتی و دەردی و تەجروبەمان لەسەر زاتی کرد، ئینسانیتکە ئینسانی چـــاك و صەحیحمان نیشان دا کە جغارەی ناکێشی، ئەوجە ئەو هەموانەی دیت ئەوجە عینادیش دەکــــا، موستەحەقی بی، چی لـێ دەکا باری تەعالا؟ بە جێی دێلی لەسەر دونیا؟ نەخێر، ئیذەن لـــە نەتیجە چــمان لـــۆ دەردەچـی؟ باری تەعالا لایەزال فاعیلە، باری تەعالا ئیستیقالەی نەدایە لە خوایەتی خۆی، باری تەعالا وازی لە کوڕەی ئەرز نەهینایە، باری تەعالا والعیاذ بالله غافل نەبووە، مەوجـودە.

نـــەفسی ئـەو (الله)یە چی بە فیرعەون کرد، چی بە قاڕون کرد، چی بە نەمرود کرد، نەفسی (الله)یـە، ئـەوهـا لە عبدالکریم قاسم دەکا، ئەوها لە عبدالسلام عارف دەکا، ئەوها لە فلان دەکا، هەتا ئاخیری، ئیذەن طـەواغیت هــەمووی لـــەبن دەستیتی، خـانە خانە خەلقی کردیە، ئیهمالی دەکا؟ نەخێر، خۆی خەلقی کردیە خۆشی جــەعلی کـردیە ئەو هــەموو ئـــەموالە ئی وییە، ئەو وەکیل بوو وەکو شەریکەی ئەفریقی بیلا تەشبیهـ کـــو وەکیلی دادەنا، موبایەعات وەکیلی هەبوو لە جیهەك لە مەصدەڕەك لـە مەخزەن مـــەواد غیزائیەکەی خواردنەکەی دەهینا تەوزیعی دەکرد، بەس پەنجەی لە ناو دانا با حەڕام بوو لێی، وەکیلە ئەو ذاتەش ئی خۆی نییە، خۆی نە خالیقە نە جاعیلە، حەقی

تەصەڕوفی پێ نەدایە ئــیلا وفقی قائیمەی موعەییەن کە ئەو قوڕئانەیە، وفقی ئەو قائیمەی دەبی ئەو ذاتە ئیش بکا، ئەگەر ئەوهای نـــەکرد عینادیـیە.

هـــەرچی دەبینی، هەرچی گێی لێیە، هەرچی ئیحتیکاکی لەگەل دەکا، ئایەتی خوایە، لەگـــەر ئەوەش عینــادی دەکا، لۆیە ((سَأُرْهِقُهُ صَعُوداً)(المدّثر 17))، باری تەعالا ئەو جوملە ئەمثیلانە لەبۆ نەوعەکە کـــە ئـــەوانە دائیمە هـــەر لە ئادەمەوە هەتا ئەخیر ئینسان لە سەر وجود بووینە مەطاڕی شەیاطین، شەیاطین لـــەسەر وانـــە دادەبەزی ئـــەو نەوعیاتانە فیعلەن، لۆیێ باری تەعالا دەفەرمی: (إِنَّهُ فَكَّرَ وَقَدَّرَ *فَقُتِلَ كَيْفَ قَدَّرَ * ثُمَّ نَظَرَ *ثُمَّ عَبَسَ وَبَسَرَ * ثُمَّ أَدْبَرَ وَاسْتَكْبَرَ *فَقَالَ إِنْ هَذَا إِلَّا سِحْرٌ يُؤْثَرُ)(المدّثر)، باری تەعالا لـــەجێگەی إن شاءالله کـــە بەحسی شەیاطین دەکەین عیلاقەی شەیطان لەو مەوضوعانە وەکو بیلا تەشبیهـ کو تەمثیلیەك دەم وچاوی ئەو شەخصەمان لەبۆ وەصف دەکا، (إنە فكر) كأنە دەستی دانایە ئەوها[مامۆستا کەدەفەرمی (ئەوها) بە دەست ئیشارەت لۆ حالەتە دەکا ] تەفکیر دەکا، ئەو تەفکیرە نەتیجەی تەقدیراتە، خـەریتە دانانە، (ثُمَّ قُتِلَ كَيْفَ قَدَّرَ)(المدّثر 20)، دەگاتە عومقی قیچەك مایـە بمری، پاشان پیاسەی دەکـــا دێ و دەچـی ئینتاج بکـــا، (أدبر) (أقدر) پاشان نەتیجەی ئەو حالەی کە ئینتاجەك لـە مێشکی هاتـە پێش ئیستیکبار لـــەبۆی دروست دەبی، (و استكبر).

نەتیجەی ئـەو هەموو وەحـیە شەیطانییە لەبۆ ئەو ذاتەی کە لەسەر ئەرزە، ئیلتیقاطات هەیە لە ئاسمان لـــە بـــــۆی وەحـــی شـەیـاطین (وَإِنَّ الشَّيَاطِينَ لَيُوحُونَ إِلَى أَوْلِيَآئِهِمْ) (الأنعام 121)، ئائەوەی ئیستیجابەی دەکـــا جیهازەکە ئەوە ئیلتیقاطی دەکا، نەتیجەی ثەمەرەکەی چییە؟ (فَقَالَ إِنْ هَذَا إِلَّا سِحْرٌ يُؤْثَرُ)(المدّثر 24)، ئەوە نەتیجەکەیتی، ئیذەن هـــەر ئینسانەك هـــەر ئینسانەك هەموومان مـوعەڕەضین لـــە بۆ ئەو حالەتەی ببینە بەدیلی شەیطان لەسەر کوڕەی ئەرض، باشە کەینێ حیمایەی خۆمان دەکـــەین نـــەبینێ، فیعلەن، ئەگەر ئیحساسمان کرد خالیق (الله)ە، جاعیل (الله)ە، مومەهید (الله)ە، ئەوەی تەعامولی لەگەل دەکـــەین لەمەخلوقات الله تەمهیدی کردیە، هەمووی ئایاتن، موعانەدە نەکردن لـــەگـــەروەی ئـیمان دروست دەکـا لەداخـیل.

خوا ئیذەن فاعیلە ئەوەلەن بەخەلق پاشان بـەجەعل پاشان بەتەمهید، ئەوە ئەو سێ فیعلە دەبی لە ذاتی لەداخیلی ئەو ذاتەی تەمرین بکرێ، کەینێ تەمرین کـــرا ئا ئەو سێ فیعلە لەبۆ ذاتی باری تەعالا لە داخیلی دروست دەبی، فیعلەن ئەوجە تەسلیمی خـالقییەتی خـــوای دەبـــی، تەسلیمی جاعیلییەتی خوای دەکا، تەسلیمی تەمهیدییەتی خـــوای دەبـــی، ئـــەوە فیعلەن بالنتیجة خوای بەو حەقیقەتەی

دەناسی، ئەو وەختی فیعلەن کە خوای بەو حەقائیقانە ناسی، بـــەو حەقائیقانەش دێ عیبادەت دەکا، ئەو وەختی باری تەعالا ئەو عیبادەتەی لێ قبول دەکا.
خـودا لۆ خـــاتری گەورەیی خۆی هەرچی ئەسبابی ئەو حالەتەی هەیە لەبۆمان دروست بکا إن شاء الله، خۆی تەڕشید و تەصویدمان بکـا إن شاء الله، ئیمانی حەقمان بە نسیب بکا إن شاء الله تەعالا.
أقـــول قولی هـــذا واستغفر الله لـــي ولكم سبحان ربك رب العزة عما یصفون و السلام على المرسلین و الحمد لله رب العالمین.
عوزرم هـەیە لەبۆ ئەوەی بەعزە برایەك سوئالیان لێ کردبووین لە وەرەقە جـوابمان نەدایەوە، ئەوهامان دانـایـە إن شاء الله هەرسێ دەرسەك چارەمین دەرس ببیتە سوئال و جـەواب، سێ دەرس مادده چارەمینیان ببتە سوئال و جەواب، ئـەوجا ئـەگەر خـودا تەوفیق بـدا إن شاء الله لــە خزمەتتان مـــاین بە زیندیاتی چ مانیعەکیش نـەبوو لـــە دوو دەرســـی پـــاشی ئـــەو دەرســـەی سوئالەکانی قەدیمیش إن شاء الله جواب دەدەینەوە، لە گـــەل سوئالیتکە کە دروست دەبی، خودا لە هەموو لایەکمان قبول بکا إن شاء الله.
کێ سوئالی هەیە؟ ئیستفسار، تەوضیح، تـەعلیق، نەصیحەت،........... بەلێ لە لای ڕاستەوە بەلێ،(پرسیار). (وەڵام) بەڵێ باری تەعالا کـــە دەفەرمی: (وَأَوْحَى رَبُّكَ إِلَى النَّحْلِ) (النحل 68) مەخلوقە یان نـا؟وەڵام:مەخلوقە. چاکە، ئائەو تیلاوەیەی کە باری تەعالا بەحسی دەکا لە قوڕئان مەفهومی کەلیمەی تیـلاوە لەگـەل تەرتیل موختەلیفە، تیلاوە یەعنی موجەسەم دروست کردنی حـــالەت لـــە پێش چـاوی موقابیل، موجەسەم دروست کردنی حـــالەت لـــە پێش چـاوی موقابیل.
مەثەلەن پێغەمبەر صلی الله علیە و سلم قوڕئانی لۆ هاتیە هەرچی ئەو کردیتی بە فـیعل تەجسیدی حیکمەکەیە، تیلاوەیە لە بۆ موقابیل، ئەوە لە لیسان، باری تەعالا کە فەرموویەتی ئـەوە وەحیە، لە عەینی وەقتیش تیلاوە دەکرێ، ئەوەش لەگەل تازە کە بەحسمان کرد ئایەتە گوتمان ئایەت دوو نەوعی هـەیە ئایاتی کەونیی و ئایاتی شەرعیی، ئەوە ئایەتە شەرعیەکەیە ئەوەش وەکـی ئـــایەتە کەونیەکەی مەخلوقیەکەی دەبـــی فیعلەن بە تەفصیل بە تەدقیق بە لەسەرهودوئی بە موجەززەئی بـە شێنەیی طەڕح بکرێ، ئەوە تیلاوەیە.
کە ئەوهای کرد پێغەمبەر صلی الله علیـە و سلم کـــأنە پێغەمبەر صلی الله علیـــە و سلـــم کوو ئەو ذاتەی بباتە ناو موختەبەر بلێ چیا ئەوها خەلق بووە، حوشتر ئـەوها خـەلق بـــووە، عـــارد وعاسمان ئەوها خەلق بووە، لەپێش چاوی، ئەوهاش دەبی ئەوە قوڕئان دەبـی ئەبەو نەوعەی تیلاوە بکا لە بۆ موقابیل، ئەوها تەفصیلی کا، تەشریحی کا، تەبیینی کا، ئەوە هەموو مەفهومی تیلاوەیە، کە

گوتمان ئەوە ئاياتی شەرعییە، ئەوە جوزئە لە ئاياتی کەونیی، هۆردووك پێکـــەوە تەطابوق دەبــی ئەوجا ئاياتی کول دروست دەکا.

مەثەلەن باری تەعالا لە قورئان بەحسی شەمس دەکا: (وَالشَّمْسِ وَضُحَاهَا)(الشمس 1)، بەحسی ئــەو شەمسەیە هەرچی مەربوطە بــە وجودی ئــەو شەمسەی بــە خەلقی ئــەو شەمسەی بــە چۆنیەتی حەرەکەو نەشاطی ئەو شەمسەی لەو قورئانەی مــەذکورە، عیلمــەن ئــەو شەمسە کە ئەو قورئانە بەحسی دەکا ماددەیە، ئایەتە، کە پێغەمبەر صلی الله علیــە وسلــم دێ بـەحسی ئــەو شەمسەی دەخینی لێرە تیلاوەت دەکا دەبی ئەوها تەفصیل و تەشریحی کا وەکو ئـەو شەمسە مەوجودە، کـە ذاتەکە هــات ئەوەی گێی لێ بوو بەحسی شەمسی کــرد پیغەمبەر صلی الله علیە و سلم، کـە ئێستا پێغەمبەر مەوجود نییە مەثەلەن جەنابت (وَالشَّمْسِ وَضُحَاهَا)ت خیند، دێی ڕادەوەستی بـــەرامبەر شەمس، ئـــەوە شەمسە، عومرت سی و قسور سارە تەماشای ئەو شەمسە ئەو ڕۆژەی دەکەی، لەمەو پاش نەخێر بــە نەوعەکیکە تەماشای دەکەی، باری تەعالا کــە دەفەرمی (وَالشَّمْسِ وَضُحَاهَا)، ضوحا هــەیە، بــاشە کوو لەبۆ شەمس ضوحا دروست دەبــی؟ ضوحا بـــە نسبەت کوڕەی ئەرضە، ئــائەو کوڕەی ئەرضە گوێی زەمین دەوەڕانی هەیە، شەمسیش دەوڕانی هــەیە، دەبی ئـــەو دەوەڕانــــە دەوەڕانی شەمس لــەگـــەل دەوڕانی کورەی ئەرض تەوافوقەکیان هەبی لەگەر یەك، نەوعە زەمەنەك دروست ببی.

مەثەلەن ئەو عاردە بە بیست و چار سەعات دەسوڕێ، لە جێیەك ضوحایە لە جێیەك لەیلە، لە جێیەك فــەجرە، ئیذەن حەرەکەی هەیە ئەو کوڕەی ئەرضەش حەرەکەی هەیە، ئەو شەمسەش حەرەکەی هەیــە، ئەو شەمسە بەو حەرەکەیەی یەك جوملە شت دەدا هەتا ئاوا دەبی، ئەو عاردەش کە حەرەکەی دەکا یــەك جوملە شت لەو شەمسەی وەردەگری، لەو ڕۆژەی وەردەگری لەبۆ ژیانی خۆی، ئیذەن هــاتە ناو حــەیات، ذیهـــن، ئـــەو هەموو تەشریح و تەفصیلە تیلاوەیە، بەحسەکە لــە کێندەرێیە؟ ئایەتەکە لـــە قورئان، ئاياتی شەرعیە، کـەباری تەعالا فەرمویتی (وَالشَّمْسِ وَضُحَاهَا)(الشمس 1).

ئەگەر جەنابمان هات قورئانی خیند (وَالشَّمْسِ وَضُحَاهَا * وَالْقَمَرِ إِذَا تَلَاهَا * وَاللَّيْلِ إِذَا يَغْشَاهَا * وَالسَّمَاء وَمَا بَنَاهَا) (الشمس)، [مامۆستا ئەو بەشەی لە قورئان بە خێرای خیند وەکو خەتم کردن] ئــەبەو نەوعەی ئەوە تیلاوە نییە و تەرتیلیش نییە، ئەوە جائیز نییە ئەو نــەوعــە خیندنــە، کە گــەیشتە خزمەتی ئایەتی (وَالشَّمْسِ وَضُحَاهَا) فیعلەن دەبی موعایەشەی حالەتی والشمس و ضحاها بــکا، بیلا تەشبیهــ ئەگــەر ئایەتی قورئانی بەقەد کەلیمەی **قیف** ڕاوەستە، کە مرور دروست دەکا لە بۆ سەیارە،

ئەوەندەش مـەقامی نەبی لـــە بۆ داخیلمان، ئەو وەختی دەبی ئەمە موڕاجەعەی خـۆمان بکەین بەرامبەر قورئان، موراجەعەی ئیمانمان بکەین بەرامبەر ذاتی رب العالمین.

مەثەلەن مڕورەك دەتەوێ بپەڕیەوە قانون هـــەیە دەبـی لـــە سەر خەتخەتوکەکان بپەڕیەوە هەرکە هاتیە سەری کەناری جــادە فوجئەتەن پێتی گۆت قیف، ئەتوو ڕادەوەستی، موفاجەئەشە لەبۆت، هەرکە گۆتی قیف ڕاوەستە ڕادەوەستی، چونکی لۆ؟ خطورەت هەیە لەوانەیە سەیارە لێت بــدا، سەرت بشکێنی دەستت بشکێنی، لەو ئەثنایەی ئەگەر سەیارەش لێت بدا ئەو مەسئول نییـە سایەق، ئەتوو مەسئولی خۆت، ئەقەڵن دەبی ئەو ئایەتە (وَالشَّمْسِ وَضُحَاهَا) ئەوەندە لـە داخیلمان دروست کــا ڕاوەستین لـــە سەری.

خـــودا مـــەخسەدی چیە؟ (وَالشَّمْسِ وَضُحَاهَا* وَالْقَمَرِ إِذَا تَلَاهَا) لەگـــەل چیتی؟ ئا ئــەو تەشریحە تیلاوەیە، ئایەتی خوایە، ئەو ئایەتەیە بەحسی ئەو شەمسەی دەکا، کە دێم تەشریح و تەحویلی حالەتی شەمس دەکەم لەگەروەی تەطابوق دەبی، ئەو وەختی ئائەو تەنمیە دروست دەبی لـە داخیل کـــە باری تەعالا ناوی نایە (وَيُزَكِّيهِمْ)،

بەلێ، سوئالیتکە. حەقت سوتـــا پاشان دەگەڕێینەوە ســەر جــــەنابت، ئەمــوال بەڵێ ئەموال گوتمان هەرچی هەتا ئێستا لە مەحاکم کابرایەك حجزی لەسەر دەرچـــی، مەثەلەن قـــەرداره لە وەرەقەکەی دەنوسرێ لە وەرەقەکەی شوڕطەی دەنووسرێ ئــــەوە ئەموالی، یــحجز أمواله المنقولة وغیر المنقولة، گوتمان مەنقولەکە پارە و زێڕ ودۆلار و زیو و ئەو شتانەیە کە هەڵدەگیرێ دەیخـەیتە ناو جانتایەکی و دایدەنێ و هەڵدێ، ئەوە ئەموال مەنقولەی پێ دەگوترێ، ئەموال غیر منقولة چییە؟ عیقاراتە ساحەیە، عەرضی جەنابت بی، عیماراتە عاردە خانیە ئەوانە هـەمووی ئەموالی غـێر مەنقولەن، ئەگەر سەفەری کرد پێ ی ناکرێ لەگەر خۆی بیانبات، ئەوە غێر مەنقولەیـە، ئەوجە باری تەعالا هەمووی ناونایە أموال، کێ دایتی؟ (وَجَعَلْتُ لَهُ مَالاً مَّمْدُوداً)(المدّثر 12) (ئەوە زیاد دەکا (مَّمْدُوداً) تیجارەتی پێ دەکا.

بەلێ گوتمان دەوەرانی عارد دەوەرانی ڕۆژیش ئەوە نەوعەك دەسوڕێ ئەوەش نەوعەك دەسوڕێ، هەردووکیش نەوعەك دەسوڕێن، هەمـــووی نەوعەك دەسوڕێ (وَالشَّمْسُ تَجْرِي لِمُسْتَقَرٍّ لَّهَا ذَلِكَ تَقْدِيرُ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ * وَالْقَمَرَ قَدَّرْنَاهُ مَنَازِلَ حَتَّى عَادَ كَالْعُرْجُونِ الْقَدِيمِ)(یس) نەفسی شـت عــارد دەسوڕێ، دیقەت بدە سەعاتی خۆت ئەگەر سەعاتت بەو نەوعەی بی سەعات میلی سەعـــات عقرب الساعة ئەوها[مامۆستا بە دەست نیشان دەدا سعات چۆن دەسوڕێ] دەسوڕێ لەچەپەوە لەبۆ ڕاست، عارد لەڕاستەوە لە بۆ چـەپ دەسوڕێ عــەکسی ئائەو ئیتیجاهەیە، سەعات ئەوها[مامۆستا بە دەست

نیشان دەدا سعات چۆن دەسوڕێ] دەسوڕێ ثانیەژمێری سەعـات ئەوهـا[مامۆستا بە دەست نیشان دەدا سعات چۆن دەسوڕێ] دەسوڕێ دیــقەت دێ عــارد کوو دەسوڕێ؟ عەکسی وەی ڕۆژیش وەکی عاردی دەسوڕێ ئەو حەرەکەیە ضوحا دروست دەکا، فەجر دروست دەکا، نەهاڕ دروست دەکا، لەیل دروست دەکـا، دەوڕانی عـــاردو هەموو مەجموعەی شەمسیە.

ئەمما شتەکیتکە ئیضافەکە کابرای حاجیش مـــام عەولاش کـــە دەچیتە مەککـەی لە دەوری بەیـت دەسوڕێ، دەزانی ئەویش بەعەکسی ئیتیجاهی سەعاتە، ئەویش عارد کوو دەسوڕێ ئەوها لە ڕاست لە بۆ چەپ ڕۆژ لەراست لە بۆ چەپ کەون هەمووی لەڕاست لە بۆ چـــەپ دەسووڕێ، حاجیش لە ڕاست لە بۆ چەپ دەسوڕێ، عارد کە ئەوها دەسوڕێ ئەوە تەسبیح و سەجدە بـــردنە لـــەبۆ خـــوای، ڕۆژ نەفسی شت، مام عەوڵاش کە دەسوڕێ لەدەوری بەیت دەڵێ لبیك لبيك اللهم لبيك لبيك لاشريك لك لبيك، ئیذەن هەمووی مام عەوڵا و عاردو عاسمان هەمووی یەك کوتلەیە لەبۆ یەك خودای سەجدە و تەسبیح دەکا، خودا لــە مام عەوڵا و لە مەش قبول بکا.

بەڵێ، سوئالی دی، تـەمهید، بەحسی عاردمان کـرد گوتمان عـــارد ئـەبەو نەوعەیە، ئەگەر بهاتبا قیچەك لێژ بایە یان لۆ دابەزین یان لۆ سەرکەوتـن، مەثەلەن بـــاران دەباری باران لـــەسەر ئەو عاردەی ڕادەوەستا؟چاکـە، باران ئـــەگەر ئەوها قـەترە قــەترە نەبارییا، وەکو ئاوی مضخەی ئەوها بهاتبا، ئەو عاردە ئیستیفادەی لێ دەکرد خۆ ئاوەکە نەفسی ئاوە عاردەکە نەفسی عاردە یەعنی.............